**«ماوەی سەروتار»**

گەلی کوردمان لە رۆژاوای کوردستان بە تایبەتیی ئاگادار بکرێتەوە و مزگێنی ئەم هەنگاوە مێژووییە و ئەم سەرکەوتنە گەورەیان پێرابگەیەنرێت، لە دەرەوەش بەرێگەی دیپلۆماسی کار بکرێ بۆ ناساندنی حکوومەت و راکێشانی سەرنجی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دیمۆکرات، سەبارەت بە ژیان و بارودۆخی ترسناک و دژواری نەتەوەی کورد لە رۆژاوای کوردستان و، داوای پشتگیری بکرێ بۆ ئانجامدان و سەرپەرشتیکردنی گشتپرسی (رەفراندۆم) ێکی ئازاد و سەربەست لە رۆژاوای کوردستان، بە مەبەستی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، بەپێی بڕیارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ.

شێست ساڵ پاش رووخانی کۆماری سەربەخۆی کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەمەد، لە بەشێکی دیکەی کوردستان، رۆڵەکانی گەلی کورد، بانگی ئازادی و سەربەخۆییان بە سەرتاسەری کوردستاندا بڵاوکردەوە، کە ئەوەش نیشانەی بڕوابەخۆبوون و ورەبەرزی و پشتبەستنە بە هێزی لەبننەهاتووی نەتەوەی کورد و، پێڕەوکردنی ئامانجە پیرۆزەکانی.

**رووخانی رژێمی دڕندەی سەددام و رزگاربوونی سەرتاسەری خاکی باشووری کوردستان سەلماندی کە سەرکردەیەتیی حیزبەکان، نە بڕوایان بە سەربەخۆیی و دامەزرانی دەوڵەتی کوردی هەیە و، نە هێندەش سیاسەتزان و هۆشیارن کەبتوانن لانیکەم لە چوارچێوەی ئەو "عێراقی هیوا و ئاشتی!!" یەی درووستیان کردەوە، هەر لەسەرەتاوە کارێکی وابکەن و پلانێکی هاوبەشی وا دابڕێژن کە عەرەبەکان نەتوانن کڵاویان سەر بکەن و کۆسپ نەخەنە سەرڕێیان. سەرکردەی حیزبەکان، تازە وەخەبەر هاتوون و رەخنە لە ناڕاستی و درۆ و فێڵی کاربەدەستە عەرەبەکان دەگرن، کەچی بەو حاڵەش ئامادەنین لەسەر بەرژەوەندیی خۆیان، (نەک کورد) یەکبگرن. هێندە بە پەرۆشی درووستکردنەوەی عێراق و حکوومەتی نوێی عێراق بوون، بریا نیوهێندە خەمخۆری کورد دەبوون و بازرگانییان نەدەکرد بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کوردەوە. کوا ئەو بەڵێنانەی وا مانگ و دوو مانگ پێش ئێستا دەیاندا بە خەڵک!؟ مەسەلەی کەرکووک و نێوچە بەعەرەبکراوەکان بۆچی بێدەنگیی لێکراوە!؟ لە کۆبوونەوەکاندا باسی چیدەکەن و بۆچی لە گەلی کوردی دەشارنەوە و، ناڵێن، بۆچی لەگەڵ یەک رێکناکەون!؟**

رۆژ لە گەڵ رۆژ، پەژارە ودڵەڕاوکەی کورد زیاتر دەبێ و، دڵنیایی و دڵخۆشی لای عەرەبەکانیش زیاتر دەبێ.

**دەبێ نەتەوەی کورد هۆشیاربێ و، رێگە نەدا، چیدیکە کەسان و لایەنێک بەنێوی کوردایەتییەوە، یاری بە چارەنووسییەوە بکەن. بەڕاشکاوی و ڕێک و ڕەوان و بێ پێچ و پەنا رایدەگەیەنین، کارەساتی ئەنفالە بەدناوەکان و کیمیاباران و ماڵوێرانی و خەباتی دەیان و سەتان ساڵەی کورد لەو پێناوەدا نەکراوە کە سەرکردەی حیزبەکانی باشوور، یان رۆژهەڵات، یان باکوور، یان کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و هەر دەزگەیەکی دیکەی کوردستان، ببن بە سەرکۆمار، یان کاربەدەستێکی بەرز لە حکوومەتی وڵاتانی داگیرکەر! خەبات و قوربانیدانی کورد لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆییدا بووە، ئەو ئازادی و سەربەخۆییەش، بە بەشداریکردن لەنێو رژێمەکانی عەرەب و فارس و ترک، نایەتە دی!**

پێویستە درۆشمی سەربەخۆیی و دامەزرانی دەوڵەتی کوردیی، ببێت بە درۆشم و داوای سەرەکیی کۆمەڵانی گەلی کوردمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان. ئەوانەی کە وا بارودۆخی لەبار و هەلی زێڕینی هەنووکەی باشووری کوردستان، لەپێناو بەرژەوەندیی کەسی و حیزبیی بەکار دێنن و، سنگ بۆ یەکێتیی عێراق لێدەدەن و لە میدیاکانیانەوە بڵاوی دەکەنەوە:"**عێراق لە ئێمە زیاتر کەسی نییە!**"، "با ئەو عێراقە هەر پێشکێشی ئەوان و برا عەرەبەکانیان بێت!". کوردستانیش جگە لە نیشتمانپەروەرانی دڵسۆز و راستەقینەی کەسێکی دیکەی نییە!

کوردستان هەر دێتە رزگاربوون و لادان و هەل بەفیڕۆدانی سەرکردەی ئەم حیزب، یان ئەو حیزبی دیکە، کار ناکاتەسەر لاوازکردنی باوەڕ و ڤین (ارادە) ی بەرزی نیشتمانپەروەرانی راستەقینەی نەتەوەی کورد و، تا گەیشتن بە رزگارکردنی نەتەوەی دابەشکراومان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە سەرتاسەری خاکی نیشتمان، درێژە بە خەباتی پیرۆز و مرۆڤی و مێژوویی و نەتەوەییی خۆیان دەدەن.

داوا لە هەردوو حیزبە گەورەکەی باشووری کوردستان دەکەین و ئاگاداریان دەکەینەوە، بە چاوێکی کراوەترەوە بڕواننە خۆیان و دەوروبەریان و بەخۆدا بێنەوە! پاش ماوەیەکی دیکە، عەرەبەکان بە تەواوەتیی دەسەڵات بگرنەوە دەست، نەتەنێ کێشەی کەرکووک و نێوچە تازەرزگارکراوەکان و، هەڕەشە و گوڕەشە و پیلانگێڕانی عەرەبە رەگەزپەرستەکان، بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە و، دۆزی کورد بە گشتیی دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵکو بە ئاشکرا دەستدەکەن بە دژایەتیکردنی خۆشتان و جێ بە

**«بۆ لاپەڕە ٢٧»**